# ئاینده‌ی كورد له‌به‌ررۆشنایی بریاری دادگای باڵای تاوانه‌كانی عێراقدا



**عومه‌رمحه‌مه‌د**

ئه‌م باسه له‌ ئێواره‌ كۆڕێكدا له‌شاری دوزخورماتوو خوێنراوه‌ته‌وه‌.

**ته‌وه‌ره‌كانی ئه‌م باسه**

**گرنگی بریاره‌كه‌ بۆ ئێستاو ئاینده‌ی كورد :**

**یه‌كه‌م : بۆ ئێستای كورد:**

**تێنگه‌یشتن له‌گرنگی بریاره‌كه‌:**

**دووه‌م سوودی بریاره‌كه‌ بۆ ئاینده‌:**

**كۆتایی:**

## سه‌ ره‌ تا

**پاش ئه‌وه‌ی ڕۆژی 24ی حوزه‌یرانی 2007 دادگای باڵای تاونه‌كانی عێراق دوا بریاری خۆی له‌باره‌ی دۆسێی ئه‌نفال خوێنده‌وه‌و سزای یاسایی به‌سه‌ر (6 ) تاوانباری سه‌ره‌كی دۆسێی ئه‌نفالدا سه‌پاند، هاوكات دۆسێكه‌شی به‌تاوانی جینۆساید یه‌كلایی كرده‌وه‌، بێگومان ئه‌م بریاره‌ی دادگا له‌مێژووی عێراقدا، گرنگترین خاڵی وه‌رچه‌رخان بوو، چونكه‌ ئه‌مه‌ بۆ یه‌كه‌مین جاره‌ له‌مێژووی دروستبوونی ده‌وڵه‌تی عێراقدا نه‌ك هه‌رسه‌ركردایه‌تی ده‌وڵه‌ت، ته‌نانه‌ت ئه‌فسه‌رێكی پایه‌بڵندیش له‌سه‌رتاوانێكی ئاسایی له‌سه‌ركورد لێپێچینه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ كرابێ‌و سزادرابێت، ئه‌م بریاره‌ی دادگای باڵای تاوانه‌كانی عێراق، له‌مه‌ردۆسێی ئه‌نفال، هه‌ربه‌ته‌نها په‌نجه‌ره‌یه‌كی گه‌وره‌ نیه‌ به‌سه‌ر حه‌وشه‌وبانی عێراقییه‌كاندا به‌ڵكو ده‌ستكه‌وتێكی گه‌وره‌شه‌، بۆخه‌ ڵكی عێراق به‌گشتی‌و كورد به‌تایبه‌تی، گرنگی بریاره‌كه‌ له‌و په‌یامه‌دایه‌، كه‌ ئیدی سه‌روه‌ختی ملهوری به‌سه‌رچوو، ڕه‌نگه‌ هه‌روا به‌ئاسانی‌و له‌میانه‌ی كورێكی ئاوادا نه‌توانین تیشك بخه‌ینه‌ سه‌رهه‌موو ده‌ستكه‌وته‌كانی، به‌ڵكو ئه‌وه‌ ده‌مێنێته‌وه‌ بۆ نه‌وه‌ی داهاتوو كه‌وا خوێندنه‌وه‌ی هه‌مه‌لایه‌نه‌ ی له‌سه‌ربكات‌و وه‌كو جوله‌كه‌كان له‌تاوانی هۆلۆكۆستدا به‌دوای ده‌ستكه‌وته‌كانیه‌وه‌ بن، به‌داخه‌وه‌ له‌ سۆنگه‌ی خه‌مساردی سه‌ركردایه‌تی سیاسی كورده‌وه‌ خوێندنه‌وه‌ی بریاری دادگاكه‌ به‌قه‌د بردنه‌وه‌ی كاسی جیهانی هه‌ڵبژارده‌ی نیشتمانی عێراق بۆ تۆپێ، شه‌قامی كوردی نه‌جوڵاند، هه‌ڵبه‌ت ئه‌م گرفته‌ هه‌رگیز له‌وێوه‌ سه‌رچاوه‌ ناگرێت كه‌خه‌ڵكی كوردستان به‌ته‌نگ ئاینده‌ی چاره‌نوسی سیاسی خۆیانه‌وه‌ نین، به‌قه‌د ئه‌وه‌ی تێنه‌گه‌یشتنه‌ له‌گرنگی ئه‌و بریاره‌ی دادگاو**

یەکلاکردنەوەیەی تاوانی جینۆساید دەرهەق بە بەشێکی گەلی کورد، یان ئاشنانەبوونە بە یاسا نیودەوڵەتیەکان سەبارەت بەو تاوانانەی لە کوردستان ئەنجامدراون، بەڵام ئەوەی بۆ رۆژگاری ئەمرۆ زۆرگرنگەو دەکرێت کاری جدی لەسەربکرێت هێشتنەوەی دۆسێکەیە بەکراوەیی کەوا دادگا، ناوی 423 تۆمەتباری تریشی لە دۆسێی تاوانی ئەنفال ئاشکراکرد، کەهەموویان ئەفسەرو پلەداری سوپاو ئەمنو موخابەراتی عێراقینو هەندێکیشیان ئەو جاشە کوردانە بوون کە لەسەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالدا بەشداری راستەوخۆو ناراستەوخۆی تاوانەکەیان کردبوو، بەو پێەی دادگا لەسەریان وەستاوەو ناوی ئاشکراکردوون ئەمرۆبێت یان سبەی دەبێت ئەو تۆمەتبارانە لەبەردەم ئەو دادگایەدا ئامادەبنو دادگایی بکرێن.

# گرنگی بریارەکە بۆ ئێستاو ئایندەی کورد :

## یەکەم : بۆ ئێستای کورد:

گرنگی بریارەکە لەوەدایە کە دوای بریاری دادگای شاری لاهای لەوڵاتی هۆڵندا لەسەر جینۆسایدکردنی کورد، دادگایەکی ترلەناوخۆی وڵاتدا کە بەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ناسراوە، دۆسێی جینۆسایدکردنی کورد دەهێنێتەوە پێشێو لە رەوتی بەرەو پێشچوونی کاری دادوەری خۆیدا لەتاوانبارانی دەپێچێتەوەو دۆسێی تاوانەکەش بەجینۆساید یەکلایی دەکاتەوە، راستیو دروستی ئەو ڕاپۆرتانەش بۆدنیا دەسەلمێنێتەوە کە ریکخراوە جیاجیاکان چ لەسەروەختی پەلامارەکانو چ دوای ئەو دابوویانە نەتەوەیەکگرتووەکانوکۆمەڵگەی نیودەولەتی، بەتایبەتی راپۆرتە مەیدانیو زانستیەکە ی هەردوو رێکخراو (میدل ئیست ۆچو هیومان رایتس ۆچ) یش " رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤیرۆژهەڵاتی سەربەنەتەوەیەکگرتووەکان، کە لەدوای راپەرینی بەهاری ساڵی 1991 لەبارەی جینۆسایدکردنی کوردەوە خستبوویانە بەردەمی دادگای عەدلی نیودەوڵەتیو ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەمە جگەلەوەی ئەگەر ئەنفالو جینۆسایدکردنی کورد لەهەوەنتە لەلایەن شۆڤینیزمی عەرەبیەوە، یان لەلایەن دەولەتە زلهێزەکانەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان تەمومژێکی خرابێتە سەر ئەوا ئەو بریارانە هیچ بیانوییەك بۆ ئەوان ناهێڵنەوە، کەوا راپۆرتەکەی میدل ئیست ۆچ راستو رِەوانەو رژێمی بەعسو دەولەتی عێراق تاوانی نائاساییان ئەنجامداوە، نەك هەر زیادەرۆیی تێدانەبوو بەڵکو بەزیادەوە تاوانی ئەنفالو جینۆساید لەکوردستان پیادەکراوەو لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی، گەلی کورد بەتایبەتی لەو ناوچانەی بریاری 4008ی نوسینەگەی رێکخستنی باکوری حزبی بەعس گرتوونیەوە، نیشانو ئامانجی پاکتاوکردنی رەگەزی بوون، لایەنێکی تری دەستکەوتی بریارەکە ئەوەیە ئەو تۆمەتبارانەی تادوێنی بەسەربەرزی دەسورانەوەوهەمان ئیمتیازی سەروەختی بەعسیان هەبوو، لەوە تێدەگەن ئەو بریارە سیاسیەی بەرەی کوردستانی لەسالی 1991 بۆیان دەرچوو ناتوانێ تاسەرتاوانەکانیان لەئەستۆ لابەرێ، ئەمە جگەلەوەی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستانیش دەهێنێتەوە سەرخۆیان، کە ئەوەی ئەوان بیری لێدەکەنەوە، " پاراستنی تاوانباران" مەسەلەیەکی لاوەکی نیەو ئەوکەسانەی پەنایانداوە بەناوی لێبوردنەوە، تۆمەتباری ئاسایی نین، بەڵکو تۆمەتبارن بەتاوانی نیودەوڵەتیو پێویستە سزای نیودەوڵەتیش بدرێن، ئەمرۆبێت یان سبەی دەبێت لەوە تێبگەن، کەوا تۆمەتبارانی ئەنفالو تاوانەکانی تریش لەتواناى هیچ دەوڵەتێکدانیەو چ جای دوحزبی لۆکاڵی ناوخۆی عێراق، هیچ کەسولایەنێك مافی ئەوەی نیە پەنای تاوانبارانو تۆمەتبارانی تاوانی جینۆساید بدات، بەڵکو بەپێی یاسای نیودەوڵەتی هەر وڵاتێك پەنای تاوانبارێکی جینۆساید بدات، وەکو ئەوەیە بەشداری تاوانەکەی کردبێت، بێگومان ئەوانەشی ئێستا هەڵاتوون یان دەیانەوێت هەڵبێن، یان هەڵنەهاتوونو بەخەیاڵی خۆیان یەکێك لەم دووحزبانە دەسەڵاتی پاراستنیانی هەیە، بێئاگان لەگەورەیی تاوانەکەیانو لەیاساکانی تاوانی نیودەولەتیو سزاکانی شارەزا نین، بۆیە هەرگیز ناتوانن تا سەرلەدادگا رزگاریان بێت.

ئەوتاوانەی کەئەوکەسانەی پێ تۆمەتبارن لە دۆسێی ئەنفالدا، تایبەتمەند نیە بە دادگای وڵاتێك، بەڵکو تاوانەکە نیونەتەوەییەو لەهەرکوێیەك بەدیاربکەون دەکەونە بەرلێپرسینەوەی یاساییو ئەگەر بواربۆ

گەراندنەوەشیان نەبێت ئەوا لەشوێنی نیشتە جیبوونیان دادگایان بۆسازدەكرێت بەتایبەتی ئەوانەی ئیقامەی سیاسی وڵاتانی خۆرئاوایان هەیە، بێگومان ئەوانەی تریش تاسەر ناتوانن لەپۆلیسی نیودەولەتی(ئەنتەرپۆل) رزگاریان بێت. تۆمەتی ئەوان بریتیە لەتاوانی كۆمەڵكوژی، تاوانی جەنگ، تاوانی دژی مرۆڤایەتی كە لە بەندەكانی 11و12و13ی یاسای ژمارە 10ی عێراقیدا هاتوون، ئەو تاوانانە تەنها تایبەت نین بە كورد بەڵكو بەپێی ناوەرۆكی یاساكە دژ بەهموو زیندەگیو بەهەموو مرۆڤایەتین، ئەمە جگەلەوەی دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق سەربەخۆیەو ناتوانێت پێچەوانەی دادگای عەدەلی نیودەولەتی بریار لەسزاو بەرائەتی تاوانبارانی جینۆسایدەوە بدات، راستە دادگاكە لەلایەن كۆمەڵەی نیشتمانی عێراقو ئەنجومەنی سەركردایەتی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقەوە سازدراوە هەر وەكو لەماددەی یەكەمی یاساكەدا هاتووە، ئەو دادگایە سەربەخۆیی تەواوی هەیەو ناچێتە ژێرهیچ فشارێكی دەسەڵاتی ناوخۆییەوەو لەبەر ڕۆشنایی هەمان بەندی یاساكەدا هاتووە: (دەسەڵاتی لێپێچینەوەوسزادانی هەموو كەسێكی تۆمەتبارو گومانلێكراوی هەیە جاعێراقی بێت یان ناعێراقی ، ئەگەربێتو لەناوخۆی عێراقدا نیشتەجێ بێت) ئەوەی گرنگە لەدەسەڵاتی ئەو دادگایەدا ئەوەیە لێبوردنە سیاسیەكەی بەرەی كوردستانی هەڵدەوەشێنیتەوە: ئەمەش لەبڕگەی یەكەمی بەندی شەشەمی یاسای دادگای باڵای تاوانەكانی عێراقدا بەم شێوەیە روونكراوەتەوە: " هەر لێبوردنێك لەپێش جێبەجێكردنی ئەو یاسایەوە دەرچووبێت بۆ تۆمەتباران‌و گومانلێكراوانی تاوانەكانی ئەنفال‌و كۆی ئەو تاوانانەی دەچنەخانەی ماددەكانی (11 ،12 ،13 ، 14 )ی یاساكەوە پوچەڵ دەكرێنەوە.

تاوانبارانی جینۆساید نابوردرێن : بەپێی برگەی دووی ماددەی 27ی یاسای سزادانی عێراق، هەرتۆمەتبارێك لەلایەن ئەو داگایەوە سزای بەسەردا سەپێنرابێ، هیچ دەسەڵاتێك،جا لەهەرپۆستێكی دەسەڵاتدابێت، وەكو سەرۆك وەزیران‌و سەرۆكی كۆماریش مافی ئەوەی نیە پەنای بداو لەسزاكەی كەم بكاتەوە، یان بیبەخشێتو لەسایەیدا بە ئاسوودەیی بسورێتەوە.

ماوەتەوە بلێین تۆمەتباران‌وتاوانبارانی ئەنفال چ ئەوانەی دادگا بەغیابی خۆی سزایان بەسەردا سەپاندوون‌و یان ئەو تۆمەتبارانەی ناچنە بەردەمی دادگاو هەڵدێن، بەتاوانەكانی جینۆساید سزادراون، لەتوانای هیچ كەسێكدانیە داڵدەیانبداو فریایان بكەوێت، تەنانەت ئەوانە هیچ حەصانەیەكی سیاسی ناوخۆیی‌و نیودەوڵەتی نایانگرێتەوەو بەهەرشێوەیەك بێت دەبێت سزای خۆیان وەربگرن، مەگەر تامردن لەو وڵاتانەدا ژیان بەسەربەرن، كە لەو یاسایانە بەدەرن یان گوێیان پێنادەن.. بەڵام لەهەمووحالەكاندا ئەم مەسەلەیە دەگمەنەو ئەگەر هەشبێت لەدەرەوەی سنوری پاراستنی دەولەتدایە، واتە ئەو دەولەتانە توانای ئەوەیان نیە هیچ كام لەو كەسانە لەپۆلیسی نیودەولەتی بسەننەوەو لەداگا رزگاریان بكەن.

ئەم بریارەی دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق گرنگیەكەی لەوەدانیە، كە تۆمەتبارەكانی چۆن سزاداوەو كەی وە چ سزایەك دەدرێن، بەڵكو گرنگی دۆسێكەو بریاری دادگاكەو تەنانەت خودی دادگاكەش لەوەدایە كەبەپێی ئەو دەسەڵاتانەی هەیەتی گۆرانكاری گرنگ لەسەر دۆسێی ئەنفال دەهێنێتە گۆڕێ‌و كاریگەری لەسەرخودی كێشەی سیاسی عێراق‌و كوردستانیش دادەنێت هەروەكو كەنعان مەكیە نوسەری گەورەی عەرەب لەبارەی تاوانی ئەنفالەوە دەڵێت: (تاوانی ئەنفال ئەوەندە گەورەیە كەدەشێت ئایندەی عێراقی لەسەر بنیاتبنرێتەوە) ئەگەركوردیش بەوریایی‌و هەروەها بەهوشیارییەكی كۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و یاساییەوە بەرەو پیری دۆسێكە بچێتو وەكوئەوەی پێویستە مامەڵەی لەگەڵدا بكات، بێگومان لەئێستاو ئایندەی عێراقدا دەتوانێ زۆرهاوكێشەی گرنگ بگۆڕێ. " بیرمان نەچێت ئەم ئەركە هەربەتەنیا هی كورد نیە، بەڵكو ئەركی دەولەتی عێراقیشە وەكو ئەركێكی سیاسی‌و ئەخلاقی بەدوای ئەنجامی دادگای وڵاتەكەیەوە بێت، ئەمە جگەلەوەی كێشەی سیاسی كورد كێشەیەكی سەرەكی دەوڵەتی عێراقیشە. بەڵام بەو مانایەش نیە كورد پاڵی لێبداتەوەو بلێت ئەوە ئەركی حكومەتی عێراق‌و كۆمەڵگەی نیودەولەتیە.

## تێنگەیشتن لەگرنگی بریارەكە:

بەداخەوە هەندێك كەسو لایەن كەناوەندی راگەیاندن یان كەناڵێكی ڕاگەیاندنیان بەدەستەوەیە، نەیانتوانی لەگرنگی بڕیارەكە تێبگەنو هەتا ئێستاش هەوڵدەدەن مەسەلەی سزادانی تاوانبارانی بەتایبەتی سزای لەسێدارەدانی" عەلی حەسەن مجید" بەدیدێكی تەواو لۆكالییەوە تەماشای ئەو بڕیارە بكەن، بەداخەوە بۆجیبەجێكردنی سزای تاوانبارانی تاوانەكە كورتبینانە لێی دەرواننو هەوڵدەدەن لەقەوارەی گەورەیی بڕیارەكەو ئەو دۆسێیە كەم بكەنەوەو بیخەنە بۆتەی تۆڵەكردنەوەیەكی دەمارگیرانەوەو زیاترخەسڵەتێكی خێڵەكیانەی پێببەخشن. ئەمەش ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆ كاریگەری نیگەتیڤ لەسەردیدی كورد دادەنێو بڕیاری دادگاكەش لەمەڕ دۆسێی ئەنفال كەم ڕەنگ دەكاتەوە، ئەمە بێجگەلەوەی لەسیدارەدانی عەلی حەسەن مەجید لەكوردستان دۆسێكانی تریش نابووت دەكات، بێگومان بۆداهاتووش لەسەردۆزی سیاسی كوردو ڕوخساری كوردو ڕوخساری دیموكراسیانەو مەدەنیانەی كۆمەڵگەی كوردی زەرەرمەند دەبێت، هەروەها جێبەجێكردنی بڕیاری لەسێدارەدانەكە لەماوەی 30 ڕۆژدا زەرەرلەدۆسێی كیمیابارانی هەڵەبجە دەدات لەدادگا، ئەگەر لەئێستادا زۆربە سادەیی ئەو پرسیارە لەخۆمان بكەین، داخۆ ئەگەر داوا بكەین عەلی حەسەن مەجید لەكوردستان "جا هەركوێیەك بێت" لەسێدارە بدرێت چیمان دەستبكەوێت؟ لەكاتێكدا عەلی حەسەن مەجید تاوانبارە بەتاوانی دژی مرۆڤایەتی، هەرئەو بڕیارە بەسە بۆ شەرمەزاركردنی هەموو ئەو كەسانەی داكۆكیان لەبیری شۆڤینیستانەی ئەو تاوانبارە دەكرد. هێشتا ئەو تۆمەتبارە بە تاوانی دۆسێی كیمیابارانكردنی شاری هەڵەبجەو سەركوتكردنی ڕاپەرینی شیعەكانی خوارو، دیسانەوە هەقە بپرسین، ئەگەر لەسێدارەدرادەبێت تاوانبارانی دۆسێی هەڵەبجە كێبن لەبەردەمی دادگا ئامادەبن؟ ئەی بۆ لەخۆمان نەپرسین چۆڵبوونی كورسیەكانی تۆمەتبارانی كیمیاباران چی دەگەیەنێت؟ ئەمە واتای كوشتنی دۆسێی هەڵبجەش نیە؟.. ئەمە جگەلەوەی لەهیچ پەیماننامەیەكی نیونەتەوەیدا بڕگەیەكی یاسایی نیە بۆ لەسێدارەدان، بڕگەیەكی تێدا نادۆزیتەوە بۆتۆڵە سەندنەوە، ئەی كەوایە بۆچی دەبێت كورد بۆخۆی ئەم موبادەرەیە بكات؟ چیمان لە تۆلەَكردنەوە دەستدەكەوێت؟ بەم ڕەفتارە مەرگدۆستانەیە، بەدەستی خۆی ڕێگە بۆ شیعەكان خۆش بكات، ساویلكەیمان بقۆزنەوەو هەمان لەسێدارەدانی سەدام حسین لەكوردستان دوبارەبكەنەوە؟ بەڵام ئەمجارەیان بەدەستی كوردو لەسەرداوای كورد!! ئەمە جگەلەوەی كوشتنی عەلی حەسەن مەجید ڕزگاركردنیەتی لەهەموو ئەو ئازارە دەروونیانەی ئەمرۆ هەیەتی"اعدمونی حتی نخلص فی هڑا المحنه" ئەمە ئەو ڕستەیە بوو كە هەردوو تاوانبار پێكەوە ( عەلی حەسەن مەجیدو حسین ڕەشید) لەهۆڵی دادگا ڕۆژی 2007/7/8 بەدەستەی داد وەرییان ڕاگەیاند.

# سوودی بڕیارەكە بۆ ئاینده:

گەلی كوردستان دەتوانێ بۆ لەمەولا كلیلی هەردوو دادگای هۆڵنداو دادگای ناوخۆی عێراق بەدەستەوە بگرێتو كۆدی گرنگو هەستیاری كێشە سیاسیەكەی خۆی پێبكاتەوەو بەبەڵگەی یاساییەوە موخاتەبەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بكات. لەپێش هەرهەنگاوێك ئەو پرسیارە جدیە ئاراستە بكات، ئاخۆ ئێمەی كورد لەكوێی پەیماننامەی جاری گەردوونی مافەكانی مرۆڤ جێمان دەبێتەوەو لەكام بەندیشیدا فرێدەدرێینە قەراغی مرۆڤایەتیو كۆمەڵگەی نیودەوڵەتیەوە؟ بێگومان ئەركی كۆمەڵەو ڕێكخراوەكانی كوردە، كەلەمەولا بەتایبەتی لەدوای بڕیاری هەردوو دادگای لاهایو عێراقیەوە بەخۆبكەونو بەستانداردی ڕێكخراوەییو بە شارەزایی یاساییو هۆشیاری هەمەلایەنەوە بۆ ئەم لۆژیكە تێبكەونو لەهەردەرفەتێكی گونجاودا یەخە بەكۆمەڵگەی نیودەوڵەتی بگرن، لەبەرئەوەی ئێستا دەرفەتی ئەوە ڕەخساوە كەبەلۆژیكی كۆمەڵگەیەكی مەدەنیەوە بەدوای مافە یاساییەكانی ئەم گروپە نەتەوەییە جینۆسایدكراوە بكەوین، ئەو گرێیانەی لەسایەی بڕیاری یاسا نیودەوڵەتیەكانو پەیماننامە نیودەوڵەتیەكاندا دەتوانین بیانكەینەوەو دەستكەوتەكانی بچنینەوە، ئەوچالاكیانە لەدوای ئەنفالەوە ئەركی سەرشانمانن، بێگومان هەوڵو كاركردن لەمبارەیەوە دەمانخاتەوە سەر ڕێگە تەندروستەكانی مێژوو لەدڕدۆنگیو شەرمنیو هیچ لەباردا نەبوویی دورمان دەخەنەوەو هیزی بنیاتنانەوەو بروابە

خۆبوونمان دەدەنێ، بەپێچەوانەشەوە کارنەکردنی کورد لەسەر ئەم دۆسێیە، پەروایزمان دەخاو داڕوخانوحاڵەتێکی سایکۆلۆژی خراپیشی لەدوادەبێت، دورنیە کارەساتی گەورەتریشی بەدواوە نەیات، ئەوساکۆمەڵگەی نیودەولەتیش هەرئەوەندەی کێشەیەکی مرۆیی هەڵوەستەمان لەسەردەکاو کێشە سیاسیەکەمان فەرامۆش دەکاتو هاوپەیمانێتی ئیرانو تورکیاو سوریاو عێراقیش ناکاتە قوربانی کۆمەڵگەیەکی خەمساردوو هیچ لەباردانە بوو.

هەرئەوەندە بەدەنگمانەوە دێت کە لەدوای راپەرینی ئازاری ساڵی 1991و ئاوارەیی ملیونی خەڵکی کوردستانەوە بەدەنگمانەوە هات، بەپێچەوانەوە کێشەی گەلی کورد کێشەیەکی سیاسیەو بەهەموو پێوانەیەکی ناوخۆییو نیودەولەتی پێویستی بەچارەسەری سیاسی هەیە، بێگومان لەدوای بریاری ئەو دوداگایەوە گەلی کورد مافی خۆیەتی داوای حەصانەی نیودەوڵەتی بکات، چونکە ئەم داوایە نەك هەر ناواقعی نیە، بەڵکو مافێکی یاساییەو یەکێکە لەدەستکەوتەکانی ئەو بریارانە، چونکە هەموو ئەودەولەتانەی ئیمزای پەیماننامەی نیودەولەتی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدیان کردووە، پێویستە پێوەی پابەندبن، کە لە پەیمانامەکەدا هاتووە هەرنەتەوەیەك جارێك جینۆساید لەدژی پیادەکرا ئەوا مافی خۆیەتی حەصانەی نیودەولەتی بۆ پێکبهێنرێت بۆئەوەی جارێکی تر بەر پەلاماری تاوانە نیودەولەتیەکان"جینۆساید" نەکەوێتەوە، هەروەکو بینیمان رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدوای ئاوارەیی چۆن پشتێنەی ئەمنی بۆ پاراستنی کورد لە هێلی 38 دامەزراندو تاڕوخاندنی یەکجارەکی رژێمی بەعس لە ساڵی 2003 ئەو حەصانەیە بەردەوام بوو، ئەو بەدەنگەوە هاتنەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەربەتەنها مەسەلەیکی مرۆیی نەبوو، بەڵکو کۆمەلێك مەسەلەی سیاسیشی تێدابوو، لەبەرئەوەی تاوانی جینۆسایدکردنی کورد لەلایەن رژێمی بەغداوە روویدابوو، لەکیمیابارانی هەلەبجەو ئەنفالکردنی کوردو هەموو ئەو تاوانانە ئاگاداربوو، چەند رێکخراوێکی ناحکومیو نیودەولەتیش راپۆتیان دابووە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەوانە ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ، هەروەها سەفیری ئوسترالیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی 1988نامەیەکی داوەتە کۆنفرانسێکی چەکداماڵین، نامەکە رۆژی 1988/9/9 لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئوسترالیا دراوەتە کۆنفرانسەکە، کەتیایدا نارەزایەتی دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی کورد دەربڕیووە لیژنەیەکی تایبەتو شارەزا کە پێکهاتبوو لەکۆمەڵێك دکتۆر، بەسەرپەرشتی بەرێوەبەری کۆلیژی تەکسیکۆلۆژی –ژەهرناسی- لەزانکۆی بەلجیکا کەپرۆفیسۆر (ئە. هاندرێکس)یان لەگەڵدابوو هەرئەو ساتە سەردانی کوردستانیان کردووە، نمونەوبەڵگەی زۆریان لەهەڵەبجەو ناوچەکانی ترگەیاندووەتە زانکۆی خنێتولێکۆلینەوەی زانستیان لەسەرکردووەلیژنەکە لەراپۆرتەکەیدا رایگەیاندووە بەلای کەمەوە 3 جۆر ژەهرلەکوردستان بەکارهاتووەو مەترسی ئەو گازانەشی روونکردووەتەوە .

دیسانەوە ئەنجومەنی ئابوریو کۆمەڵایەتی لیژنەی مافی مرۆڤی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەرواری 1988/9/16 لە راپۆرتێکیدا دەربارەی مافی مرۆڤ رونیکردووەتەوە کەوا لە عێراق پێشیلکارییەکی ترسناکی کوردەکان بەرنامەرێژکراوە: لەو راپۆرتەدا ئاماژە بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە ناوچەی قەرەداغی سلێمانیو کیمیابارانی شیخ وەسانان لە دۆلی بالیسانی هەولێر لەلایەن رژیمی صدام حوسێنەوە کراوە، هەروەها لەراپۆرتێکی تری نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەروونیو بە شێوەیەکی بەرفراوان باسی لەجینۆسایدی کورد کردووە، ئەم چەند نمونەیە ئەو راستیە دەسەلمێنن کە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان باش ئاگای لەپرۆسەی جینۆسایدکردنی کورد بووە، بۆیە لەدوای کۆچرەوە ملیونیەکەی خەلکی کوردستان چیدی نەیتوانی چاو لەو تاوانە نێودەوڵەتیە بنوقێنێ، هەروەکو رێکخراوی میدل ئیست ۆچ بەرلەروخانی رژێمی بەعس لەراپۆرتەکەیدا نوسیوێتی (ئەنجومەنی ئاسایش بە پێی ڕێکەوتننامەی جینۆساید لە سەرێتی بەربەست لە کارو کردەوەی جینۆساید بکات. بۆ ئەم مەبەستەش حوکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانو ئەو وڵاتانەش کە پێوەندیی توندیان بەم مەسەلەیەوە هەیە پێویستە هەر زانیاریەکیان دەربارەی ئەنفال لە لایە بیخەنە ڕوو. پارێزگاری کردنی بەردەوام لە کورد پێویستە، تا هەڕەشەی توندی تۆڵەسەندنەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا، پووچەڵ بکرێتەوە) کەواتە ئەوەی قسەی لەبارەیەوە دەکەین مەسەلەیەکی وەهمی نیە، ئەوەندەی لەسەرزەمینەی واقع وەختی جێبەجێکردنی هاتووەو چاوەروانی کاروچالاکیەکانی خۆمان "کوردی

جینۆسایدکراو" دەکات، نابێت ئەوەش لەبیربکەین کەوا لەتەمووزی ساڵی 1993 دا ڕەشنووسی پێشنیارێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خرایە بەردەمی ئەنجومەن بۆ دروستکردنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەمەسەلەی تاوانی جەنگی عێراق‌و جینۆساید، بەڵام بەهەرهۆیەکەوە بێت مەسەلەکە هیچی ئەوتۆی لێشین نەبوو، چونکە ئەو سەروەختە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیویست کێشەی کوشتوبڕی کورد وەکو تاوانی ناوخۆیی تەماشابکات، بەڵام سەدام‌و ڕژێمەکەی زیاد لەبەڕەی خۆی پێی لە کۆمەڵکوژی کورد راکێشاو لەتوانای نەتەوەیەکگرتووەکاندا نەما چاوپۆشی لێبکات، بۆیە لەدوای روخانی رژێمی صدام حوسێن‌و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق بە زووترین کات دادگای باڵای تاوانەکان بۆ لێپێچینەوەی تاوانبارانی جینۆساید بە یاسای ژمارە 10 دامەزرا. ئەمەش پێشنیارێکی بەپەلەی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو لەبەرئەوەی هەرلەسەروەختی دروستبوونی ئەنجومەنی کاتی دەولەتی عێراقوە تا هەلبژاردنەکانیش بۆ دامەزراندنەوەی عێراق کۆفی عەنان سەرپەرشتی ئەم پرۆسەیەی دەکرد، بەتایبەتی ئەنجومەنی ئاسایشیش وای پێباشتربوو هەرچی زوو یاسایەکە بۆ ئەو تاوانانە دابمەزرێنێ، ئەمەش بەرژەوەندی خۆیانی تیدابوو لەبەرئەوەی ئەم تاوانانە نەچنە بەردەمی دادگای عەدلی نیودەوڵەتی.

## دەستکەوتە یاساییەکان بۆ ئاینده:

1/ ئەنجامدەران‌و هاوکاران‌و تەنانەت ئەوانەشی زەمینەی تاوانەکەیان خۆشکردووە یان هاندەربوون، هیچ حەصانەیەکی نێودەوڵەتی‌و نیشتمانی نیانگرێتەوەو نابێت لەیاسا دەربازبن، جا ئەو کەسە تۆمەتبارانە هەرپلەو پایەیەکی دەوڵەتی یان حزبیان هەبێت. هەروەها مافی پەنابەرێتی سیاسی‌و مرۆییان نابێت‌و هیچ دەوڵەتێك کە واژۆی پەیماننامەکانی کردبێت یان نەیکردبێ مافی پەنادانیانی نیە. بەڵکو بەپێی یاسا ئەو کەسانە دەبێت دادگایی بکرێن‌و سزای تاوانەکانیان وەربگرن.
2/ تاوانی نێودەوڵەتی کۆن نابێت‌و بە تێپەربوونی کات، تۆمەتەکانیان لەسەر لاناچێت‌و لەیاسا دەربازنابن.
3/ یاسای نیو دەوڵەتی لەسەرووی یاسای نیشتمانیەوەیە، دادگای ناوخۆیی "نیشتمانی" ئەو مافەی نیە لەکاری دادوەریدا بۆ لێپێچینەوەی تۆمەتبارانی جینۆساید لەرێرەوی یاسای نێودەوڵەتی لابدا، بەڵکو دەبێت ئەو سزایانە بەسەر تاوانباراندا بسەپێنێ کەلەبەندەکانی یاسای نێودەوڵەتیدا چەسپاون‌و نابێت لەگەڵیدا ناتەباو ناکۆك بن..
4/ دەبێت ئەو دادگایەی بۆ تاوانبارانی جینۆساید سازدەکرێت، دادگایەکی سەربەخۆبێت، فەرمان‌و بریاری سەرۆکی وڵاتان کەجینۆسایدی تێدا ئەنجامدرابێ، نابێت بەسەر دادگادا تێپەرن، لەبەرئەوەی رەنگە وڵاتەکە یان خودی سەرۆك بەو تاوانە تۆمەتبار بێت، بۆیە نابێت بریارو فەرمانەکانی سەرۆك پێچەوانەی رێساکانی یاسای نێودەوڵەتی بن.
5 / سەرۆکی دەوڵەت یان یان حکومەت هیچ حەصانەیەکی ناوخۆیی‌و نیونەتەوەیی نابێت ئەگەربێت‌و بەتاوانێکی نێودەوڵەتی تۆمەتباربێت، بەڵکو وەکو هەر تۆمەتبارێکی تر مامەڵەی یاسایی لەگەڵ دەکرێت‌و پلەو پایەکەی هەرچیەك بێت، نابێتە هۆی ئەوەی لەتاوانەکەی ببووردرێت‌و سزاکەشی لەسەر سوك ناکات.
6/ تەسلیمکردنی تۆمەتبارانی تاوانی نێودەوڵەتی ئەرکی هەموو ئەو دەوڵەتانەیە کە واژۆی پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانە نێودەوڵەتیەکانیان کردووە، بەپێچەوانەوە پەنادان‌و شاردنەوەیان وەکو ئەوە بۆیان دەژمێردرێت کەتاوانێکی نێودەوڵەتیانکردبێت. هەروەها کەمتەرخەمی یان پەککستنی، یان کۆسپ دروستکردن بۆ دادگایکردنی تاوانبارانی نێودەوڵەتی، بەتاوان‌و بەهەمان شێوە بەتاوانی

نێودەوڵەتی لەقەڵەم دەدرێت، چونکە یاسای نێودەوڵەتی لە مەسەلە هاوبەشەکانی تاوانی نێودەوڵەتیدا وەکو یەك لە کاری پۆزەتیڤو بێدەنگی هەڵبژاردن، یان خۆلادان دەروانێت.

# کۆتایـــی:

ئەوەی بەلای کوردەوە ئەمرۆ بووەتە مایەی بێ ئومیدیو متمانەی لەدەستداوە، لەوە ناترازێ کە سەرباری ئەوکارەساتە گەورانە، هێشتا جگەلە بریاری ئەو دوو داگایە شتێکی ئەو تۆبۆ کورد نەکراوە هەتا بەقەرەبوکردنەوەی تاوانەکانی قایل بێت، بەڵام کارنەکردنی کوردیش وەکو گروپێکی جینۆسایدکراو، ئەوەندەی تر بووەتە مایەی قوڵبوونەوەی رەگو ریشاڵەکانی ئەم دەردی بێ ئوومێدیە، ئەوەی باڵی بە سەر تیروانینی کورددا کێشاوە ئەوەیە کە چاوەروانی فریاد رەسێکە لەم هەلومەرجە ئاڵۆزە رزگاری بکاتو بەتەواوی بیهێنێتە دەرەوە، بەڵام هۆگۆ ووتەنی : ( ئازادی بۆمرۆڤ نایەتە خوارەوە، بەڵکو دەبێت مرۆڤ بۆی سەربکەوێت) ئەوەندەی من ئاگاداربم لەناوەندی رۆشنبیریو سیاسی کوردیدا هەمیشە ئەو گللەییو پارانەوەیە بەدیدەکەم کە کۆمەڵگەی نیودەولەتی لەکاتی روداوەکاندا هیچیان بۆ ئێمە نەکردووەو لێمان بێدەنگ بوون، ئەگەر ئەو لێکدانەوەیە بەدیوێکیدا راست بێت ئەوا بەدیوەکی تریشدا بێ ئاگاییو تارادەیەکی زۆریش بێویژدانی تێدایە، راستە ئەو سەروەختە وڵاتە زلهێزەکان هیچ فشارێکیان نەخستە سەرحکومەتی عێراقو هێزیان لەبەرامبەردا نەخستەگەڕ، بەڵام بەدەنگ هاتنی رێکخراوەکان، توانی جیهان لە جینۆسایدی کورد بەئاگا بێنێتەوە، هەڵوێست وەرگرتنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەدوای ساڵی 1991 بە شێکی زۆری لە سۆنگەی ئەو راپۆرتانەوە بوو کەرێکخراوەکان خستوویانەتە بەردەمی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی، ئەوەتا رێکخراوی هیومان رایتس و میدل ئیست وۆچ لە راپۆرتەکەیاندا نوسیویانە : (کێشەی کوردی عێراقیش لە گەڵ ڕێکەوتننامەی ساڵی 1951دا گونجاوە سەبارەت بە ڕێگەگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید.) ئەوەی میدل ئیست وۆچ دەیخاتە روو تەنها راپۆرتێك نیە، بۆ بەردەمی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی بەڵکو ئەو لەسەرەتای راپۆرتەکەیدا نوسیوێتی ئێمە کارەکەی خۆمان تەواو کرد، بەڵام کێشەکە چارەسەرنەکراوە، کارەکەی ئێمە ئەوکاتە دەگاتە ئەنجام کەوا دادگایەك دابمەزرێ لەم تاوانکاریانە بپێچێتەوە کە دژ بە کورد کراوە، تا لەرێگەی لیژنەیەکی تایبەت یان دادگایەکی تایبەتەوە گوێ لە گشت یان بەشێك لەو گروپە جینۆسایدکراوە بگرێت، ئەو لەو پێشنیارانەی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی خستووەتە روو 3 رێگەیە، بێگومان وەکوخۆیان نوسیویانە رێگەی یەکەم کەدادگایەکی ناوخۆی عێراقیە، رێی تێنەدەچوو لەبەر ئەوەی رژێمی صدام هێشتا لەسەرکاربوو، بەڵام هەرچی رێگەی سێهەمیانە بە ڕای میدڵ ئیست وۆچ ئەگەری ئەم ڕێگایەیان واتای رێگای دادگای نێودەوڵەتی لەبارترە بۆ کێشەی تاوانی ئەنفال. بەدوادا چوونی ئەم بوارەیان ئەوە ناگەیەنێ کە واز لە بوارو ڕێگەکانی تر بێنین و پەکیان بخەین، ئەمانە دەتوانن تەواوکەری یەکتر بن. لەبەرئەوەی دادگای عەدلی نیودەولەتی ICJ، تەنها دەسەڵاتی دادگایی نێوان دەوڵەتانی هەیە نەك تاکە کەس، بەڵام بە پێچەوانەی بە هەڵە تێگەیشتنی گشتیی لەم دادگایە ICJ(عەدلی نیودەولەتی ) دەتوانێ سوودی پراکتیکیانە بە کوردی عێراق بگەیەنێ بۆ نموونە داواکردنی ئیجرائاتی کاتیی پارێزگاریی (کە دەوڵەتێکی بەشدار یان بەشدارانی ڕێکەوتننامەی جینۆساید دەکرێ بۆ کورد بکەونە کار) یان داوای ئەوە بکەن کە حوکوومەت زەرەرو زیانی قوربانیەکان ببژێرێت. ئەمە لەکاتێکدابوو کە هێشتا رژێمی صدام لەسەرکاربوو، دواتر راپۆرتەکە پێی لەسەردادەگرێو دەنوسێت: ( تا ئەمڕۆ تەنها هەر بۆسنیاو هێرزەگۆڤینیا کێشەیەکیان دژ بە دەوڵەتێکی تر، هەیە کە لە ژێر ڕکێفی ڕێکەوتننامەی جینۆسایدایە. دادگای یاسایی نێودەوڵەتیش ICJ، بەخێرایی ڕازی بووە بە وەرگرتنی ئیجرائاتی پارێزگاریی کاتیی، لە مارتی 1993دا. بەڵام تا ئێستاش بە پێی ناوەرۆکی سکاڵانامەکە بڕیاری خۆی نەداوە. هێنانە پێشەوەی کێشەیەکی کاریگەر دژ بە عێراق و لە سوودی کورد دەبێتە ڕووداوێکی گەورەو بایەخدار لە یاسای مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیدا کە بێگومان کێشەکە دەباتەوەو لە سەر بناغەیەکی ڕیالیستیانەو یاسایی

بەهێز دەبیاتەوە. بڕیارەکە گیان دەکاتەوە بەر ڕێکەوتننامەی لەگیانەڵادابووی جینۆسایداو ڕێزی یاسای نێودەوڵەتی بەهێز دەکات و ڕژێمە ستەمکارو ملهوڕەکانی سەرانسەری جیهان وا لێدەکات کە هەڵوەستەیەك بکەن و دوودڵ بن لە بەرپاکردنی کاری لەو جۆرانە دژ بە گەلێکی کەمینە. ئەوەی کە قەرزاربارمان دەکات وەها هەوڵێکە کە تاکو ئیستا کورد خۆی خاوەنی نیە، هەتا ئێستا ئەگەر بمانەوێت بەراستی لەلۆژیکی ئەنفال تێبگەین دەبێت لەو راپۆرتو سەرچاوانەوە زانیاری وەربگرین کە ڕێکخراوێکی تر لە دەرەوەی کورد کردوویەتیو رای گەیاندووە، ئەوەی بۆ یەکلایی کردنەوەی تاوانی جینۆسایدکردنی کورد کەڵکی لێوەرگیراوە، هەر ئەو سەرچاوە بیانیانەن کەدواتر وەرگێردراونە سەرزمانی کوردی، ئەوەی لەدادگاش رۆڵی گرنگی بینی شایەتی دانەکەی دکتۆر( سنۆ) کەپسپۆری و سەرپە رشتی هەڵدانەوەی گۆرەکانی کردبوو، ئەوەی پەیکەرە ئێسکی تەرمەکانیشی جیاکردەوەو بۆ دادگا ئامادەی کردبوون، دیسانەوە هەر ئەو تیمە پسپۆرە بیانیانە بوون. ئەگەر ئەوان ئەوەندەیان لەدەست هاتبێت، بزانین خۆمان چیمان لەباڵدایە ئەوە عەرزو ئەوەگەز.

## سەرچاوەکانی ئەم بابەتە.

<u>کتێبە کان</u>

جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد وەرگیرانی کوردی- محەمەد حەمە صالح توفیق چاپی دووەم.
جینۆسایدی کورد لەبەر رۆشنایی یاسانیودەولەتیەکان
دلرەقیو بێدەنگی کەنعان مەکیە. وەرگیرانی حەمە رەشید

قانون عقوبات عێراقی رقم 10

<u>گۆڤارە کان</u>

گۆڤاری ئەنفال ژمارە 5
ئەنفالستان ژمارە 4 دەربارەی پرۆفیسۆرهاندریکس.